ئەگەر خەڵکی شار بوونایە، ئەوا بە لێدان ئازارم پێتان دەگەیاند، دەنگتان بەرز دەکەنەوە لە مزگەوتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- !

لە سائیبی کوڕی یەزیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە ناو مزگەوتدا بووم وپیاوێک بەردێکی پێمدا کێشا، سەیرم کرد عومەری کوڕی خەتابە -ڕەزای خوای لێبێت-، ووتی: بانگی ئەوا دووانەم بۆ بکە، بانگیانم کرد وهێنامن بۆ لای، ووتی: خەڵکی کوێن؟ ووتیان: خەڵکی تائیفین، ئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- فەرمووی: «ئەگەر خەڵکی شار بوونایە، ئەوا بە لێدان ئازارم پێتان دەگەیاند، دەنگتان بەرز دەکەنەوە لە مزگەوتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- !».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

سائیبی کوڕی یەزید -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ڕووداوێک دەکات کە ئامادەی بینینی بووە، ئەویش ئەوەیە دوو پیاو لە کاتی قسەکردنیاندا دەنگیان بەرز دەکردەوە لە مزگەوتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ بۆیە عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- گوێی لێیان بوو وبەردێکی وردی کێشا بە سائیبی کوڕی یەزیددا بۆ ئەوەی بانگی ئەو دوو پیاوە بکات. سائیب ووتی: دوو پیاوەکەم هێنا، وعومەری کوڕی خەتاب پرسیاری لێیان کرد: ئێوە خەڵکی کوێن؟ ووتیان: خەڵکی تائیفین. ئیمامی عومەر ووتی: ئەگەر خەڵکی ئەم شارە بوونایە (واتا: خەڵکی مەدینە بوونایە) سزام دەدان ولێتانم دەدا، چۆن دەنگتان بەرزدەکەنەوە لە مزگەوتی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-! وکاتێک خەڵکی شاری مەدینە نەبوون، عوزر وبیانووی بۆ هێنانەوە بەهۆی نەزانینیان؛ چونکە زۆرجار کەسێک حاڵی وەکو حاڵی ئەم دوو کەسە بێت ئەوا حوکمە شەرعییەکانی لە لا شاراوەیە ونایزانێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8952

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee